

## حەسەن شەریف:

# هونەرمەندە نەمرەکان بە کەمترین خەرجی، بەرهەمی رەسەن و نەمریان پێشکەش کردووە

**پێشمەرگە و هونەرمەندە و لە سەرەتای ژیانی پێشمەرگایەتیشدا دەستی بە کاری هونەری کردووە، بۆیە هونەری شۆڕشگێڕی و خۆشەویستی وڵات لە گشت کارەکانی هونەرمەند حەسەن شەریف رەنگی داوەتەوە و بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، لەم دیمانەیەدا حەسەن شەریفی هونەرمەند باس لە هونەری کوردی دەکات بەتایبەتی لەم قۆناغەی ئێستای مێژووی میللەتەکەمان.**

سەرەتا حەسەن شەریف دەربارەی ئەو سروودانەی کلیپ کراون پێیوایە پێویستە کلیپەکە بە هەموو شێوەیەك لە بەرژەوەندی پێشمەرگەدا بێت لە هەموو روویەکەوە و لەو بوارەدا دەڵێ: لە ئێستادا پێویستە هەموو کوردێك لە شوێنی خۆیەوە پشتگیری لە پێشمەرگە بکات، ئێمەی هونەرمەندیش بە گۆرانی و سروودەکانمان دەتوانین بەشداری لەو شەڕەدا بکەین، مەرجیش نییە هەموو سروودێك بە کلیپ بڵاوبکرێتەوە، بەڵام ئەگەر بڵاویش ببێتەوە پێویستە پابەندی هەندێك شت بێت بۆ نموونە نابێ کلیپ ببێتە هۆکارێکی بۆ ئەوەی گیانی پێشمەرگە بکەوێتە مەترسییەوە یان ببێتە هۆی ئەوەی بە کلیپەوە سەرقاڵ بن و کار لە ئەنجامدانی ئەرکی خۆیان بکەن.

حەسەن شەریف پێیوایە مەرج نییە گۆرانی خەرجی و پارەیەکی زۆری تێدا سەرف بکرێت بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت لەم بارەیەوە دەڵێ: ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هونەرمەندە نەمرەکان بۆ نموونە یەکێکی وەك کاویس ئاغا کاتێك گەنج خەلیل یان شەڕی شێخ مەحمودی نەمر لەگەڵ ئینگلیز وتووە هەر بە زیندوویی دەمێننەوە لە سەردەمی بابوباپیرانمان و ئێمە و لە داهاتووشدا هەروا دەبن، بە هەمان شێوە هونەرمەندی نەمر محەمەد شێخۆ بە سازێك گۆرانی دەوت لە ژوورێکی ئاسایی ماڵی خۆیدا، بەڵام ئەم کارانەی تا ئێستا بوونەتە بناغەیەك بۆ هونەرمەندان کاری لەسەر دەکەن، ئەمانە و چەندانی دیکەش کە هیچ پارەیەکیان لە کارەکانیان خەرج نەکردووە، بەڵام کاری رەسەن بوون لە هەموو روویەکەوە ئەگەر سەیریان بکەین، دەبینین ئاواز و تێکست و دەنگی هونەرمەند هەموویان زۆر گونجاون بۆیە بەرهەمێکی رەسەنی زیندوویان پێشکەش بە ئێمە کردووە، لێرەدا رەسەنایەتی و رۆشنبیریی هونەرمەند دەردەکەوێت کە زۆر گرنگە، هونەرمەندەکان زۆر کاری جوانیان پێشکەش کردووە دەربارەی داستان و شەڕی نەتەوەیی و دەتوانین ئێستا سوودیان لێ وەربگرین و بە هەمان شێوە و تام و چێژ بۆ پێشمەرگەیان دووبارە بکەیتەوە.

دەربارەی چۆنیەتی سوودوەرگرتن لە سروودە کۆنەکان حەسەن شەریف دەڵێ: لەم بارەیەوە زۆر نموونەمان هەیە (هەی شەڕە و شەڕە شەڕ گوڤەندا مێرانە) من بە سوودوەرگرتن لەم سروودە هەستام سروودی (هێرش کەن)م وت زۆر بەرهەمی دیکەش هەیە ئەگەر موزیکێکی جوانیان بۆ ئامادە بکەیت دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی مۆراڵی خەڵك و پێشمەرگە.

یەکێك لەو سروودانەی کە بەم دواییە حەسەن شەریف پێشکەشی کردووە سروودی (کورد هاتن) بوو دەربارەی ئەم سروودە دەڵێ: ئەمە یەکێك بوو لە هەڵبەستەکانی برای بەڕێزم کاك ئەمین بۆتانی کە تێکستەکانی لە نێو هونەری مندا بە روونی دیارن بەتایبەتی فەلسەفەکان، ئەم سروودە بۆ شادی و خۆشی کورد وتراوە کە جوگرافیای رۆژهەڵات لەسەر دەستی ئەوانە یان بەهەشتی ئازادی لەنێو دڵی ئەواندایە، ئەم تێکستە زۆر کاری لێکردم و یەکێکە لە سروودە دەوڵەمەندەکان کە پار وتوومانە، بەڵام تا ئێستا خەریکین کلیپێکی جوانی بۆ بکەین کە شایەنی سروودەکە بێت.

حەسەن شەریف بەوە ناسراوە کە پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەل هونەرمەندانی پارچەکانی دیکە و بیانیش هەیە لەم بارەیەوە دەڵێ: ناوی هونەرمەند زۆر گەورەیە بۆیە من بە خۆم دەڵێم گۆرانیبێژ، ئەگەر هونەرمەند لە هەر شوێنێك دەرد و مەینەتییەکانی میللەتی خۆی و گریان لای لای دایکان باس نەکات و لەگەڵ قارەمانییەتی پێشمەرگەکان نەژیت،



پێموایە ئەو هونەرە بەرتەسك و لۆكاڵە بۆیە هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا هەموو پارچە دابڕاو و دابەشكراوەكانی كوردستان لە نێو گۆرانی و سازی ئێمەدا هەمیشە بوونی هەبووە، بۆیە پێوەندیم زۆر بە هێزە لەگەڵ هونەرمەندانی باشوور و گشت پارچەكانی دیكەی كوردستان و زۆر كۆنسێرت و چالاكی هاوبەشمان ئەنجامداوە بۆ پشتگیری كردن لە كوردستان و كێشە رەوای میللەتەكەمان.

حەسەن شەریفی پێشمەرگە و هونەرمەند دەربارەی رۆڵی میدیای كوردی بە گشتی لەم قۆناغەدا دەڵێ: بە بۆچوونی خۆم میدیای كوردی هەندێك رۆڵێكی زۆر گرنگ و بەرچاوی هەیە، ئێستا بە سەدان رادیۆ و رۆژنامە و گۆڤار و دەیان كەناڵی تەلەفزیۆنی كوردیمان هەیە، بەڵام بەداخەوە هەندێك جار دەبینین كە یەك گۆتارمان نییە بەرامبەر بە دوژمنانمان، من هەمیشە وتوومە پێویستە گوتاری ئێمە كوردستانی بێت نەك گوتارێك كە گوزارشت لە بەرژەوەندییەكی تایبەت و بەرتەسكی حزبایەتی بكات، چونكە میللەتی گەیشتۆتە قۆناغێكی زۆر گەورە و پێشكەوتوو و ئامانج و بەرژەوەندی و چارەنووسیشمان یەكە و بەندە بە یەكگرتوو و تەبایی نێوان ریزەكانمان، چەند كەموكورتییەكی سیاسی هەستیان پێدەكرێت هیواداریین ئەمانیش نەمێنن، بۆیە پێویستە میدیا نەبێتە هۆی دڵخۆش كردنی دوژمنانمان بە ئێمە و هەندێك بۆشایی هەیە لە نێوانمان كە لە میدیاكان هەستی پێدەكرێت هیواداریین نەهێڵرێت و پەیامەكەیان كوردستانی بێت، ناڵین و لایە لایەی دایكێكی كورد لە دیاربەكر یان قامیشلۆ یان هەولێر یان مهاباد یەكە لەبەر ئەوەی هەموومان یەك خەم و ئازارمان هەیە كە پێوەی دەناڵێنین.

دەربـــارەی ئـەو بـەرهـەمـەی كـە پێویستە هـونـەرمـەنـدان پێشكەشی بكەن بەجۆرێك دڵـی جـەمـاوەر رازی بكەن و رەسەنایەتی هونەری كوردی بپارێزن حەسەن شەریف دەڵێ: ئەمە دەگەڕێتەوە سەر ئەو بابەتەی كە پێشكەشی دەكات بەشێوەیەكی گشتی بابەتێكی تێروتەسەل بێت و میللەتی كورد هیوا و ئاواتەكانی خۆی لەو گۆرانییەدا ببینێتەوە، من هەست بە كەموكوڕییەك دەكەم كە سەرەتا لە خۆم و چەند هونەرمەندێكی تریشدا هەیە ئەویش ئەوەیە كە پێویستە زۆر رۆشنبیر بین و شارەزاییمان لە زۆر بوارەكانی ژیاندا هەبێت كە چۆن دروستبووە؟ چۆن نەتەوە و دەوڵەتەكان دروستبوون؟ چۆن هونەرمەند و رۆشنبیران میللەتان بە سەدان ساڵ پێش ئێستا خزمەتی سوپا و میللەتی خۆیان كردووە و بوونەتە هۆكاری یەكگرتوویی پەیامی میللەتەكەیان و بوونەتە پرد لە نێوان تاكەكانی میللەتەكەیان، پێویست هونەرمەندانی ئێمە شـارەزای ئـەم لایەنانە بـن كـە زۆر گرنگە بۆ هەر هونەرمەندێك.

لە كۆتاییشدا حەسەن شەریف وەك پەیامێك روو لە میللەتی كورد دەكات و دەڵێ: رێز و سڵاوم بۆ میللەتی كورد هەیە لە هەر شوێنێك بن، بەتایبەتی دەست و چاوی پێشمەرگە قارەمانەكان و هەر كەسێك كە بە نیازێكی پاك و بێگەرد بەرگری لەو خاكە پیرۆزە دەكات و رووبەڕووی ئەم دڕندانە وەستاوە ماچ دەكەم، سەری رێز و نەوازش دادەنوێنم بۆ هەموو شەهیدانی كوردستان لە هەر پارچەیەكی كوردستان بن، پێویستە میللەتی كورد قەدر و بەهای خاكی كوردستان و خەباتی چەند ساڵەی خۆی بزانێت و بەرگری لەو خاكە پیرۆزە بە ئەركی سەرشانی خۆی دابنێت.

## کیبرا: سینەماکاران یاری بە لەشی ئەکتەرەکانەوە دەکەن

کیبرا نایتلیی بەریتانی یەکێکە لەو ئەکتەرانەی کە گرنگییەکی زۆر بە جوانی و لەشی خۆی دەدات و هەوڵ دەدات بە جوانترین شێوە دەرکەوێت ئەمەش وای لێکردووە کە شارەزاییەکی زۆری لە بواری هەڵبژاردنی رەنگ و ئیکسسوار و دیزاینی جلوبەرگەکان هەبێت، بۆیە دەرهێنەر و بەرهەمهێنەران گرنگییەکی زۆری پێ دەدەن و هەوڵ دەدەن لە فیلمەکانیان و بۆ بەرگی گۆڤار و رۆژنامەکان سوودی لێ ببینن.

جگە لەمە لەشی کیبرا مایەی سەرنجی بەرهەمهێنەر و دەرهێنەرانی هۆلیۆدە و بە وردی کاری لەسەر دەکەن و بە چەندین شێوە وێنەکانی بڵاودەکەنەوە. بەتایبەت لە کاتی ریکلام کردن بۆ ئەو فیلمانەی بەشداریی تێدا دەکات، لەم بارەیەوە کیبرای تەمەن ٢٩ساڵ دەڵێ: من هەمیشە هەوڵ دەدەم گۆڕانکاری لە شێوەی لەشی خۆمدا بکەم و گرنگییەکی زۆریش بەم بوارە دەدەم، چونکە ئەوانەی لە بواری وێنەگرتن لە فیلمەکاندا کار دەکەن بەرهەمهێنەر و دەرهێنەرانیشەوە ئەو وێنانە بۆ جەماوەر بڵاودەکەنەوە کە پێیان

# بەڕێوەبەری کارەکانی غادە
# بە دزینی زێڕەکانی تۆمەتبار دەکرێت



ماوەیەکە لە میدیاکانی تایبەت بە هەواڵ و چالاکییەکانی هونەرمەندان لە میسر دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆتەوە گوایە بەڕێوەبەری کارەکانی خانمە ئەکتەری میسری غادە عەبدولڕازق چەند پارچە زێڕ و کەلوپەلی گرانبەهای ئەو خانمە هونەرمەندەی دزیوە کە بە چەندین ملیۆن جونەیهی میسری مەزەندە دەکرێن، بەڵام غادە تا ئێستا بێدەنگی هەڵبژاردووە و بە هیچ شێوەیەك باسی ئەوە ناكات.

جیهان یوسف کە بە «جی جی» ناسراوە بەڕێوەبەری کارەکانی غادەیە و بە یەکێك لە بەڕێوەبەرە هەرە سەرکەوتووەکان دادەنرێت و پێوەندییەکی بە هێز و توندوتۆڵی لەگەڵ غادە هەیە، سەبارەت بەم تۆمەتانەی کە ئاراستەی کراوە لە دیمانەیەکدا بۆ گۆڤاری (لها) دەڵێ: من بە هیچ شێوەیەك ئامادە نیم بەرگری لە خۆم بکەم و ئەمەم بە خوا سپاردووە، خوا مافی من لە هەموو ئەو کەسانە وەردەگرێت کە بە دزی تۆمەتبارم دەکەن، من دڵنیام کە هیچ لە هونەرمەندان بڕوایان بەم قسانە نییە، چونکە هەموویان باش دەزانن جیهان کێیە و دەزانن من چەند دڵسۆزم لە کارەکەی خۆمدا، جیهان زیاتر دەڵێ: هەروەها باسی ناکۆکی نێوان خۆم و غادە ناکەم.

غادە کە تا ئێستا بە هیچ شێوەیەك باسی لەم مەسەلەیە نەکردووە، نە رەتی کردۆتەوە نە دووپاتیشی کردۆتەوە، هەروەها ئەویش باسی لە ناکۆکی خۆی و جیهان نەکردووە، شایەنی باسە جیهان بە یەکێك لە کەسە نزیکەکانی غادە دادەنرا و لە گشت گەشتە هونەرییەکانی و بۆ کات بەسەربردنیش لە دەرەوە یاوەری دەکرد.



جوانە و دەبێتە مایەی راکێشانی سەرنجی بینەران.
کییرا زیاتر دەڵێ: کۆمپانیا گەورەکانی بەرهەمهێنان لە بواری سینەمادا پسپۆڕ و شارەزای زۆریان هەیە کە دەتوانن شێوەی لەشی ئافرەت بگۆڕن و یاری پێ بکەن، بێ ئەوەی پێویستییان بە ئەنجامدانی نەشتەرگەری هەبێت، ئامانج لەمەش تەنیا سەرکەوتنی کارەکانیانە.
شایەنی باسە کییرا ئێستا لەگەڵ هاوسەرەکەی جیمس رایتۆن لە باکووری لەندەن دەژێت لە گوندێك بۆ ئەوەی لە جەماوەر و زوومی کامێراکان دوور بێت.

# جیسیکا
# بەرگری لە کیم کارداشیان دەکات

هەرچەندە زۆربەی هونەرمەندان و ناوەندە هونەرییە جیهانییەکان بەردەوام رەخنە لە رەفتار و هەڵسوکەوتەکانی کیم کارداشیان دەگرن لە هەموو روویەکەوە تەنانەت لە کاتی سکپڕیشدا رووبەڕووی رەخنەی زۆر بۆوە، بەڵام جیسیکا سیمپسۆنی ئەکتەر و گۆرانیبێژی ئەمریکی پێچەوانە هەموو لایەك وەستایەوە و پشتگیری تەواوی خۆی بۆ کیم بە ئاشکرا دەربڕی.
لەم بارەیەوە جیسیکا دەڵێ: پێموایە کارێکی زۆر نامرۆڤانەیە رەخنە لە ئافرەتێك بگیرێت بەهۆی زیادبوونی کێشی کە لە ئەنجامی سکپڕی بووە لە کاتێکدا ئەمە لە هەموو ئافرەتێکدا روو دەدات و هەموویان کێشیان زیاد دەبێت لە کاتی سکپڕی و تەنیا پەیوەست نییە بە یەك کەسەوە.
جیسیکا زیاتر لەم بارەیەوە دەڵێ: من هاوسۆزی خۆم بۆ کیم دەربڕی و باش هەستم بە ئازارەکانی کیم دەکرد، چونکە منیش بە هەمان قۆناغدا تێپەڕیوم، من و هەموو ئافرەتە سکپڕەکان بە قۆناغی دانانی مرۆڤدا تێپەڕیوین، بۆیە مافی خۆمانە هەرچییەکمان بوێت، بیخۆین بۆ ئەوەی تەندرووستی خۆمان و کۆرپەکەشمان بپارێزین.
لەلایەکی دیکەوە جیسیکا ئاشکرای کرد کە ئیرەیی بە شازادە کیت میدلتۆن دەبات بە هۆی ئەو لەش و لارە جوانەی کە هەیبوو لە کاتی سکپڕیدا.



## لوبنا ئەبو رزق:

# زۆر لە دەرهێنەران داوای ڕۆڵی وررووژێنەرمان لێدەکەن کە دوورە لە پەیامی راستەقینەی هونەر



لوبنا ئەبو رزق ئەکتەرێکی ئوردنییە سەرەتاکانی کاری هونەریی لە بەغدا بووە و تا ئێستا لە چەندین زنجیرە دراماادا بەشداری کردووە، هەروەها نازناوی شاجوانی ئەکتەرانی عەرەبی بۆ ساڵی ٢٠١٤ لە رێگای ئەنتەرنێتەوە بەدەستهێناوە، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.

**● دوای ئەوەی خوێندنت لە بەغدا تەواو کرد، چۆن دەستت بە کاری هونەری کرد و لە کوێ زیاتر ناسرایت؟**

- بە حوکمی ئەوەی من هاووڵاتییەکی ئوردنیم دوای ئەوەی بەغدام جێهێشت رووم لە ئوردن کردەوە و وەك نمایشکارێکی جلوبەرگ لە شام و لوبنان کارم کرد، بەڵام سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەریم زۆر سەخت بوو تا ئەو کاتەی ئەو کەسانەم دۆزییەوە کە بتوانم کاریان لەگەڵدا بکەم بۆیە بەردەوام بم و کۆڵم نەدا و دڵنیا بووم کە سەردەکەوم سەرەڕای ئەو سەختیانەی دێنە سەر رێگا ئافرەتە هونەرمەندەکان کە بە شێوەیەکی گشتی زۆربەیان بەدەست ئەو گرفتانەوە دەناڵێنن.

**● وەك ئەکتەرێك دیارترین ئەو گرفت و ئاستەنگانەی بۆت درووستبوون چی بوون؟**

- دیارە لە رۆژهەڵات بە گشتی ئەو ئافرەتانەی حەز و خولیای هونەریان هەیە و روو لەم بوارە دەکەن تووشی سەختی و ئاستەنگی جۆراوجۆر دەبنەوە لە هەموو لایەکەوە بەتایبەتی ئەگەر ئەو کچە پاڵپشتییەکی نەبێت، سەرەڕای ئەوەی هەندێك ئەو کەسەی پاڵپشتیت دەکات رەنگە خودی خۆی ئاستەنگت بۆ درووست بکات، یەکێك لەو ئاستەنگانەی کە رووبەڕووی من بۆوە ئەوە بوو کە هەندێك رۆڵیان بۆ دیاری دەکردم من رازی نەبووم بە هیچ شێوەیەك ئەنجامیان بدەم بە تایبەتی ئەو رۆڵانەی کە دوورن لە دابونەریتی کۆمەڵگە و ئایینی ئێمە، لە هەمان کاتدا چەند رۆڵێك هەبوو کە لەگەڵ کەسایەتی مندا نەدەگونجا و من و بەرهەمهێنەر و دەرهێنەریش دڵنیابووین کە دەمتوانی تێیدا سەرکەوتوو بم.

**● ئەی لە خانەوادەکەت ئاستەنگت بۆ درووست نەبوو کاتێك رووت لە کاری هونەری کرد؟**

- بێگومان هەموو خانەوادەکەم دژی ئەوە نەبوون کە من روو لە بواری نواندن بکەم، دایکم خوا لێی خۆشبێت کە بە رەچەڵەك لوبنانییە رێگری لێ نەدەکردم و بگرە پاڵپشتیشی دەکردم و هانی دەدام، باوکم دژی حەز و خولیای من نەبوو، بۆیە بە هیچ شێوەیەك بە ئاشکرا دژایەتییان نەکردم.

**● کەواتە لە قسەکانت دەردەکەوێت کە لە خانەوادەکەت بەر لە تۆ کەسانی تری هونەرمەند هەبوون؟**

- باوکم کەسێکی رۆشنبیر و هونەردۆست بوو، پێش ئەوەی لەگەڵ دایکم ژیانی هاوسەرێتی پێك بهێنێت، هاوسەرێکی ئیتاڵی هەبوو ئەمەش وای لێکردبوو کە زیاتر لە شانۆ و سینەما و هونەر بە گشتی نزیك بێت، هەروەها زۆر حەزی لە گۆرانی و موزیك بوو، بۆیە بە هیچ شێوەیەك رێگری لە من نەدەکرد کە روو لە هونەر بکەم، بگرە هەمیشە هیوای ئەوەی دەخواست کە رۆڵێکی سەرەکیم هەبێت لە کارێکی جیهانی بە جۆرێك کە بتوانم ناوبانگێك گەورە بۆ خۆم درووست بکەم و نەك تەنیا لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی بەڵکە کە لەسەر ئاستی جیهانیش بناسرێم و هەمیشە دەیگوت شانازیت پێوە دەکەم کە بتبینم وەك ئەکتەرێك لەسەر ئاستی جیهان بناسرێی، بەڵام بە داخەوە تەمەن رێگای نەدا ئەو خەونەی بێتە دی و بەر لەوەی من ببینێت لە نواندن کۆچی دوایی کرد.

**● لە کوێ دەستت بەکاری هونەری کرد و دەرکەوتی لە ئوردن، یان شام، یان قاهیرە؟**

- من لە بەغدا پەیمانگای باڵای هونەریم تەواوکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە لە بەغدا دەژیاین و لە تەمەنی ١٠ساڵییەوە هەر لە بەغدا دەستم بە کاری هونەری کرد و یەکەم جار بە سروود و گۆرانی وتن لە قوتابخانەی سەرەتایی دەستم پێکرد دواتر نمایشکاری جلوبەرگم کرد دوای گەڕانەوەمان لە بەغدا و لەو کاتەوەش بەردەوام بووم.

**● ئەی لە بواری نواندن کەی دەستت پێکرد؟**

- دەتوانم بڵێم تا رادەیەك بە رێکەوت بوو، چونکە لە ئاهەنگێکی خێزانی تایبەتدا ئەکتەرێکی ئوردنیم ناسی بە ناوی (حەسەن ئەلشاعر) کە ئەو کات خەریکی تۆمار کردنی زنجیرە درامایەك بوون، داوای لێکردم کە روو لە نواندن بکەم و پێشنیاری ئەوەی کرد کە لەو زنجیرەیە بەشدار بم، چونکە پێویستیان بە ئەکتەرێکی کچ بوو لە تەمەنی من، منیش بیرۆکەکەم پێ باش بوو و ئەو، دوای چەندین تاقیکردنەوە توانیم رەزامەندی دەرهێنەری زنجیرەکە بە دەست بهێنم و رۆڵی کچێکیان پێ سپاردم، ئەمە یەکەم کارم بوو لە نواندن دواتریش لە چەندین دراما و فیلمیش بەشداریم کرد.

**● بە هەموو رۆڵێك رازی دەبی کە پێت دەسپێردرێ؟**

- بێگومان نەخێر، چونکە من تا ئێستا چەندین رۆڵی جیاجیام پێشکەش کراوە و رەتم کردۆتەوە، چەندین ئەکتەر داوایان لێکردووم کە رۆڵی وروژێنەر و رووت ببینم لە فیلمەکانیاندا، هەرچەندە گرەنتی ئەوەشیان داوە کە بە نواندنی ئەم جۆرە رۆڵانە زیاتر دەناسرێم و ناوبانگی من سنووری وڵاتانی عەرەبی دەبەزێنێت و دەگەم بە ئاستی خانمە ئەکتەرە جیهانییەکان، بەڵام رەتم کردۆتەوە، چونکە ئایین و دابونەریتی کۆمەڵگەی ئێمە بە هیچ شێوەیەك ئەمە قبووڵ ناکات، هەروەها خزم و کەسم رێگایان لێنەگرتووم کە روو لە نواندن بکەم و تا رادەیەك پشتگیرییان کردووم، بۆیە نابێ بە هیچ شێوەیەك ئەو متمانەی ئەوان بشکێنم تەنیا بۆ ئەوەی رۆڵێکی وروژێنەر ببینم و ناوبانگ دەرکەم و لە میدیاکان زیاتر باسم بکرێ و دەربکەوم، بەداخەوە کەسانێك ئێستا تاکە پێوەریان بۆ هونەر بە گشتی وروژاندن و سەرنج راکێشانە هەر ئەمانەشن وایان کردووە جەماوەریش بە سووکی سەیری هونەر بکات و رێزی نەگرێت.

**● زیاتر حەز لە چ رۆڵێك دەکەی؟**

- هونەر بە گشتی و نواندن بەتایبەتی پێویستە پەیام بێت بۆ کۆمەڵگە، واتە دەست لەسەر ئەو کێشانە دادەنێت کە کۆمەڵگە پێوەی دەناڵێنێت بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێت، هەر رۆڵێك ئەگەر سنوورەکان نەبەزێنێت و بزانم سوودی بۆ کۆمەڵگە بەگشتی دەبێت و پەیامێکی راستەقینەی هەبێت، من پێی رازیم و ئامادەم پێشکەشی بکەم.